حەرامکردنی ئارەق (مەی) دابەزی لە کاتێکدا لە پێنج شت (مەی) دروستدەکرا لە: تریێ، وخورما، وهەنگوین، وگەنم، وجۆ

لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: عومەر -ڕەزای خوای لێبێت- لەسەر مینبەرەکەی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «لە پاشاندا، ئەی خەڵکینە، حەرامکردنی ئارەق (مەی) دابەزی لە کاتێکدا لە پێنج شت (مەی) دروستدەکرا لە: تریێ، وخورما، وهەنگوین، وگەنم، وجۆ. مەی (سەرخۆشکەر: الخَمر) ئەو شتەیە کە دەبێتە هۆی سەرخۆشبوون وبێهۆشبوون (زاڵنەبوون لەسەر ئەقڵ وبیر وهۆشدا). سێ شت هەیە کە هیوام ئەوە بوو کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- شتێکی (حوکمێک یان بڕیارێکی) یەکلاکەرەوەی بۆمان جێبهێشتایە بۆ ئەوەی بۆی بگەڕێینەوە: باپیر (بەشی لە میراتدا)، وکەلالە (ئەو کەسەی دەمرێت ونە باوکی ودایکی هەیە، ونە منداڵی هەیە)، وهەندێک پرسیار ومەسەلە سەبارەت بە ڕیبا (سوو)».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

عومەری کوڕی خەتاب -ڕەزای خوای لێبێت- لە مزگەوتی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- لەسەر مینبەر ئەم وتارەی فەرموو، وبڕیاری دا -ڕەزای خوای لێبێت- لەسەر ئەوەی کە ئارەق (مەی:سەرخۆشکەر) هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە دەبێتە هۆی لەدەستدانی ئەقڵ وهۆش، وتایبەت نییە بە تریێ، بەڵکو هەموو ئارەقێک (سەرخۆشکەرێک) دەگرێتەوە ئەگەر لە خورما وهەنگوین وگەنمیش دروستکرا بێت، وئیمامی عومەر -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە سێ مەسەلە هەیە هیوای ئەوە بوو کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- حوکمی یەکلاکەرەوەی بۆیان جێبهێشتایە سەبارەتیان کە چیتر لە پاش ئەم حوکمانە گفتوگۆ وئیجتیهاد نەمێنێت، ئەم سێ مەسەلەیەش بریتیە لە: بەشی باپیر لە میرات، ومیراتی هەموو مردوویەک کە نە منداڵی هەیە نە دایک وباوک، وهەندێک بابەتی پەیوەیست بە ڕیبا (سوو)، والحمد لله حوکمی شەریعەت سەبارەت بە ئەم بابەتانە ڕوون وزانراوە، ومانای ئەوە نییە کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ئەم بابەتانەی ڕوون نەکردووەتەوە، بەڵکو پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- پەیامەکەی بە ئەوپەڕی کاملّی وجوانی گەیاند، وسپاردەکەی (ئەمانەتەکەی) گەیاندە جێی خۆی، وئەو پەیامانەی لە خوداوە گەیاند کە گرنگییان لەم بابەتانە کەمترە، بەڵام ئیمامی عومەر -ڕەزای خوای لێبێت- مەبەستی ئەوەیە کە دەقێکی ڕوونی یەکلاکەرەوەیە کە هیچ شوێنێک بۆ ئیجتیهاد جێنەهێڵێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/2954